کۆجەک: پەمانوایە لە ساڵی نوێ عەبدوڵا ئۆجەلان ئازاد دەبێت

ئەمڕۆ سەشەممە 31ـی کانوونی یەکەمی 2024، کەما جڤاکێن کوردستان (کۆجەک) بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێ پەیامەکی بلاوکردەوە و پاش پیرۆزبای هاتنی ساڵی نوێ ڕایدەگەیەنێت: بەچونەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان دەبێتە ئۆجەندای و ئامانجی خەباتیان لە ساڵی نوێدا.

هەر لەو پەیامە پیرۆزباییدا لەبارەی دیدارەکەی شاندی دەم پارتی لەگەڵ ئۆجەلان لە زیندانی دوورگەی ئیمراڵی ئاماژە بەوەشدراوە، ئەم دیدارە لە ئەنجامی هەوڵستەکانی ئۆجەلان و بەرخۆدانی تەڤگەری ئازادی کوردستان و لایەنگرانی کورد لە جیهاندا دەستبەربوە.

هاوکات، لە کۆتایی پەیامەکەشیاندا کۆجەک داوا لە هەموو پارتە سیاسیەکان دەکات کە پاپشتی چارەسەری کێشەی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا بکەن و لەسەر ئەو بنەمایە خەبات بکەن.